# ئاراستەكانی كۆچی گوندنشینان لە قەزای كۆیە
# لێكۆڵینەوەك لە جوگرافیای دانیشتوان

د.هیوا ئەمین جەلال
زانكۆی كۆیە
فاكەڵتی پەروەردە

**پوختە**

كۆچ وەكو جووڵەیەكی میكانیكی دانیشتوان بایەخی زۆری پێدراوە لە لایەن توێژەران و پسپۆڕانی بواری دانیشتوان ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرتووە كە بزاوتی كۆچكردن ئاسەواری زۆر بەسەر دانیشتوانەوە بەجێ دەهێڵێ، لە سەر ئاستی هەر دوو ناوچەی كۆچلێكراوو و كۆچبۆكراودا.

ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیە دەرخستن و بەرچاوخستنی رۆڵی كۆچی گوندنشینەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەیە لەم كەمبونەوەی رێژەی گوندنشینەكانە، بەمەبەستی گرتنەبەری رێ و شوێنی پێویست لە لایەن لایەنە پەیوەندارەكان بۆ كەمكردنەوەی رێژەی كۆچی گوندنشینان.

بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی سەرەوە لێكۆڵینەوەكە بۆ چوار تەوەر دابەشكراوە كە بریتین لە كۆچی گوندنشینەكان لە گوندەوە بۆ سەنتەرەكانی شارنشینی و گەشەی دیموگرافی گوندنشینان و گۆڕانی قەبارەی نشینگە گوندییەكان و فاكتەرەكانی كۆچكردن.

لەمیانەی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- گوندنشینەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بە رێژەیەكی بەرز كۆچیان كردووە و گوندەكانیان چۆڵ كردووە، بەڵام ئەم رێژەیە لە هەموو ناحیەكان وەكو یەك نەبوونە بەڵكو رێژەی كۆچكردن لە ناحیەی سكتان بەرزترین رێژەی تۆماركردووە كەچی لە ناحیەی تەقتەق كەمترین رێژەی كۆچی گوندنشینان تێدا رووی داوە.

٢- هۆكاری رامیاری و تێكدانی گوندەكان لە لایەن حكومەتی عێراقەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)، كاریگەرترین هۆكارە كە بۆتە هۆی كۆچی گوندنشینەكان و نەگەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەدا بە باشی دەزانین ئەم چەند راسپاردەیەی خوارەوە بەمەبەستی كەمكردنەوەی رێژەی كۆچی گوندنشینان لە قەزای كۆیە بەرچاوو بخەین:

١- بایەخدان بە كەرتی كشتوكاڵی لە لایەن حكومەت و وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، ئەوەش لە رێگای دروستكردنی چەند بەنداوێك لە سنوری ناوچەی لێكۆڵینەوە بەمەبەستی دەستەبەركردنی ئاوی پێویست لە وەرزی كشتوكاڵكردن بەتایبەتی كشتوكاڵی هاوینە، یارمەتی دانی جوتیاران لە رووی دەستەبەركردنی سەرمایە و تۆی باش و پەینی كیمیاوی...هتد.

٢- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەکو پڕۆژەی ئاو و کارەبا و قوتابخانە بۆ ئەو گوندانەی هێشتا نەتواندراوە ئەو خزمەتگوزاریانەی تێدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی گوندەکانی ناحیەی شۆڕش و سێگردکان، کە تا رادەیەکی زۆر گوندەکانی ئەو ناحیانە بێ بەشن لە پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری.

**پێشەکی:**

وەکو ئاشکرایە جوڵەی دانیشتوان بە شێوەیەکی سەرەکی دەکرێتە دوو بەش جوڵەی کاتی و کۆچی هەمیشەیی کۆچی هەمیشەیش بە رۆڵی خۆی بۆ دوو جۆری تر لە کۆچ پۆلێن دەکرێت کە بریتین لە کۆچی ناوخۆی و کۆچی دەرەکی (نێودەوڵەتی)، لە کۆچی ناوخۆیشدا چەندین جۆری تر لە کۆچ هەیە کە بریتین لە کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شار، کۆچی گوندنشینەکان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر یان کۆچی دانیشتوان لە شارەوە بۆ گوند یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر. ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە کۆچی دانیشتوانی گوندەکانە بۆ سەنتەری شارەکان کە وەکو دیاردەیەك سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە بەتایبەتی لە وڵاتە تازە گەشەسەندۆکان کە بەردەوام و بەلێشاو گوندنشینەکان کۆچ بەرەوو شارەکان دەکەن و گوندەکانیان بەجێ دەهێڵن، ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی چەندین فاکتەری ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی...هتد هاتۆتە ئاراوە.لەبەر کاریگەری و ئاسەواری زۆر و ترسناکی کۆچی گوندنشینەکان بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی توێژەرانی بواری جوگرافیای دانیشتوان چەندین لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە بەمەبەستی شیکردنەوە و راڤەکردن و دۆزینەوەی رێگا چارەسەری ئەو گرفتە یان کەمکردنەوەی ئاسەوارەخراپەکانی.هەرێمی کوردستانی عێراق و لە نێویشدا قەزای کۆیە وەکو هەر ناوچەیەکی تری وڵاتە تازە گەشەسەندۆکان و رۆژهەلاتی ناوەڕاست دووچاری گرفتی کۆچ گوندنشینەکان بۆتەوە.

گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە گرفتی گەورەی وەرووژاندوە، کە ئەویش بریتیە لە کەمبونەوەی رێژەی گوندنشینەکان و چۆڵبونی گوندەکانە، هەروەها شیکردنەوەی بۆ ئاراستەکان و هۆکارەکانی کۆچی گوندنشینەکان کردووە، ئەمە جگە لەوەی یەکەم لێکۆڵینەوەیە کە باس لەم بابەتە بکات لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١- کەم بونەوەی رێژەی گوندنشینەکان بە بەردەوام، بەشێوەیەك تا دێت ژمارەی گوندنشینەکان کەم دەبێتەوە.

٢- کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بارەیەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوریەی کە بە سەر هەرێمی کوردستان و قەزای کۆیەدا هاتووە بۆتە هۆی ئەوەی رێژەی گەشەی گوندنشینەکان زۆر کەمبێتەوە، بەجۆرێك گوندنشینەکان رێژەیەکی کەمی دانیشتوانی قەزای کۆیە پێکدەهێنن، ئەمەش ناهاوسەنگییەکی زۆری دروست کردووە لەدابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە ناوچەکەدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا و بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی روون و ئاشکرا میتۆدی هەڵێنجاندن گیراوەتەبەر، ئەمە جگە لەوەی ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٥٧تاکو٢٠١٠) کراوەتە چوارچێوەی کاتی و سنوری قەزای کۆیەش کراوەتە چوارچێوەی شوێنی لێکۆڵینەوەکە، ئەمە سەرباری بەکارهێنانی چەند و زانیاری جۆراوجۆری تر کە لە دام و دەزگاکانی حکومەت کۆکراوەتەوە.

قەزای کۆیە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، هەر دوو بازنەی پانی (٣٦°,١٦'-٣٥°,٤٩')ی باکور و هەر دوو هێڵی درێژیی(٤٤°,٥٧'-٤٤°,١٥')ی ڕۆژهەڵات(بڕوانە خشتەی ژمارە-١-).ڕوبەری قەزاکە نزیکەی (٢٠٥٣کم٢)، کە دەکاتە(١٣,٣٪)ی ڕووبەری پارێزگای هەولێر، ژمارە دانیشتوانیش (٩٥٧٤٦کەسە)، نزیکەی (٢٢١٦٠کەس)ی گوندنشینە کە دەکاتە(٢٣,١٪)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکە بە گوێرەی گەمارۆسازی و ژمارەدانی ساڵی(٢٠١٠)، لە ڕوی کارگێڕیەوە لە(٦)ناحیە و (١٣١)گوند پێکدێت، لەگەڵ هەریەك لە قەزای دووکان و ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی دەشتی هەولێر و شەقلاوە لە پارێزگای هەولێر هاوسنوورە، ئەوە جگە لە ڕووباری زێی بچوك کە لەبەشەکانی باشوریدا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکووك پێکدەهێنێت.(نەخشتەی ژمارە-٢-).

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستن و بەرچاوخستنی ڕۆڵی کۆچی گوندنشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە لەم کەمبونەوەی ڕێژەی گوندنشینەکانە، بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست لە لایەن لایەنە پەیوەندارەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچی گوندنشینان.

بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی سەرەوە لێکۆڵینەوەکە بۆ چوار تەوەر دابەشکراوە کە بریتین لە کۆچی گوندنشینەکان لە گوندەوە بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی و گەشەی دیموگرافی گوندنشینان و گۆڕانی قەبارەی نشینگە گوندییەکان و فاکتەرەکانی کۆچکردن، ئەوە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و ڕاسپاردەکان.

لەمیانی ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیە توێژەر دووچاری چەندین کۆسپ و لەمپەر بۆتەوە لەوانە:

١- کەمی سەرژمێری تەواوی دانیشتوانی قەزاکە و دانیشتوانی گوندەکان بەتایبەتی.

٢- کەمی داتاوزانیاری دەربارەی لایەنەکانی تری دانیشتوان وەکو ژمارەی کۆچبەران و گەشەی سروشتی دانیشتوان...هتد.

٣- هاوکاری نەکردنی هەندێ لە فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت لە پێدانی داتاوزانیاری پێویست.

**نەخشەی ژمارە (١)**

**قەزای كۆیە بە گوێرەی پارێزگای هەولێر**




**سەرچاوە:ئامادەكراو بەپشت بەستن بە: ١- رێكخراوی ناوەندی زانیاریە مرۆیەكانی هاوبەش (JHIC)، نەخشەی كارگێری دەڤەری لێكۆڵینەوە (١:٥٠٠٠٠٠). ٢- الهيئة العامة للمساحة خارطة جمهورية العراق الادارية، ١٩٨٣، بمقياس (١:١٠٠٠٠٠٠).**

نەخشەی ژمارە ( ٢ )

شوێنی قەزای کۆیە بە گوێرەی یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەری




بەپشت بەستن بە: ١- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەو نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتنەجێکردن،١:٢٥٠٠٠٠

٢ – هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی نەخشەی گوندەکانی پارێزگای هەولێر،١٩٩٠، ١:٢٠٠٠٠٠

**تەوەری یەکەم: کۆچی گوندنشینەکان لە گوندەوە بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی:**

کۆچ وەکو جووڵەیەکی میکانیکی دانیشتوان بایەخی زۆری پێدراوە لە لایەن توێژەران و پسپۆڕانی بواری دانیشتوان ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرتووە کە بزاوتی کۆچکردن ئاسەواری زۆر بەسەر دانیشتوانەوە بەجێ دەهێڵێ، لە سەر ئاستی هەر دوو ناوچەی کۆچلێکراوو و کۆچبۆکراوادا.

بەشێوەیەکی سەرەکی جوڵەی دانیشتوان دەکرێتە دوو بەش پشت بەست بە شوێن و کات، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- **جوڵەی کاتی:** لە جوڵەی کاتیدا دانیشتوان شوێنی خۆیان دەگۆڕن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام دوای بەجێ گەیاندنی کارەکانیان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان واتە دانیشتوان لەم جۆرەجوڵەیەدا مەبەستی مانەوەی

هەمیشەییان نیە بەڵكو دوای پێكانی مەبەستەكانیان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان وەكو(بازاڕی كردن، خوێندن، گەشت...هتد)[1].

٢- **كۆچ:** بریتیە لە كۆچی دانیشتوان كە بەمەبەستی مانەوەی هەمیشەیی شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان دەگۆڕن، خاڵی جیاكەرەوە لە نێوان جوڵەی كاتی و كۆچ، مانەوەیە بە جۆرێك ئەگەر مانەوەكە بۆ كاتێكی دیاری كراوو بێت، ئەوە دەبێتە جوڵەی كاتی بەلاَم ئەگەر كاتەكە دیار نەبوو دەبێتە كۆچی هەمیشەیی[2].

ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە كۆچی هەمیشەییە كە بەشێوەیەكی سەرەكی دەكرێتە دوو بەش(كۆچی ناوخۆیی و كۆچی دەرەكی).

كۆچی گوندنشینەكان بۆ سەنتەرەكانی شارنشینی دیاترین جۆری كۆچكردنە لەسەردەمی ئەمرۆماندا كە هۆیەكانی گواستنەوەش رۆڵی ئاسانكاری لە نێوان هەردوو كۆمەڵگای گوندنشینی و شارنشینی دەبینێت، هاوشان لەگەڵ ئەم بزاوتەدا دانیشتوان پێشكەوتنی گەورەی بەخۆە بینیووە، بەشێوەیەك تادێت پرۆسەی كۆچی گوندنشینەكان بۆ سەنتەرەكانی شارنشینی ئاسانتر دەكات[3].

سەبارەت بەكۆچی دانیشتوانی گوندەكانی قەزای كۆیە بۆ سەنتەرەكانی شارنشینی، هەرچەندە ئامارێكی وردمان لەبەردەستدا نیە بەلاَم چەندین بەڵگە هەن كە ئاماژە بەوە دەدەن كە لەسەرەتای ماوەی لێكۆڵینەوەدا كۆچی گوندنشینەكان ساڵ دوای ساڵ پەرەی سەندووە.

لەسەیركردنی خشتەی ژمارە(١)دا سرنج دەدرێت پوختەی كۆچكردن لە گوندەوە بۆ سەنتەرەكانی شارنشینی لە ماوەی سالأنی (١٩٧٧-١٩٨٧) نزیكەی (-٢٥,٦٪)بووە، واتە بەو رێژەیە دانیشتوانی گوندەكان لە شوێنی خۆیان بەرەوو سەنتەرەكانی شارنشینی كۆچیان كردووە، ئەمەش دەرئەنجامی پرۆسەی تێكدان و وێرانكردنی گوندەكان و راگواستنی گوندنشینەكان بۆ سەنتەری شارەكان و كۆمەڵگا زۆرەملێكان دەگەڕێتەوە، بەلاَم لەماوەی سالأنی (١٩٨٧-٢٠٠٢) پوختەی كۆچی واتە گەڕانەوەی گوندنشینەكان بۆ زێدی خۆیان دوای پرۆسەی راپەڕین و ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان گەیشتە(١٦,٨٪)، كەچی لە ماوەی سالأنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) پوختەی كۆچكردن لە گوندەوە بۆ سەنتەری شارنشینیەكان بە رێژەی (-٤٤,٥٪) دەستی پێكردەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ووشكە ساڵی و بوونی پرۆسەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك و خراپی رەووشی كشتوكاڵ و پشتگوێ خستنی لەلایەن لایەنە پەیوەندارەكانەو بووە، ئەمە جگە لە دامەزراندنی زۆربەی گوندنشینەكان بەئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگە و فەرمانبەر.

سەبارەت بە پوختەی كۆچكردنی گوندنشینەكان لەسەر ئاستی یەكەكارگێڕیەكان، لەخشتەی ژمارە(٢)دا تێبینی دەكرێت، كەمترین رێژەی كۆچكردن لە گوندەكانی ناحیەی تەقتەق بووە لە ماوەی سالأنی (١٩٥٧-١٩٧٧) و ماوەی سالأنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بووە، كە سالأنە (-١٪) و (-٣٠,٨٪)بووە یەك بەدوای یەكدا.بەلاَم سەبارەت بە كۆچی پێچەوانە تەنها لە گوندەكانی ناحیەی سەنتەر روویدا كاتێك لەماوەی سالأنی (١٩٥٧-١٩٨٧) نزیكەی(٠,٨٪)بووە، لەماوەی سالأنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) كە زیاتر لە (٢٢٪)بووە،نەخشەی ژمارە(٣)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە گوندەكانی

[1] .عبدعلي وعبدمخمورالريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، ١٩٨٦، ص٢٨٠.

[2] . عبدالفتاح إمام حزين، جغرافية السكان-دراسة في الاسس و التطبيقات،مكتبة الانجلومصرية، القاهرة، ٢٠٠٤،ص١٩٦.

[3] . هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی كۆیە(١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای رۆشنبیری و بلاَوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ٢٠٠٦،ل١٩٦-١٩٧.

ناحیەی سەنتەر خزمەتگوزاری و بایەخدان زیاتر بووە بەبەراوورد بە گوندەکانی ناحیەکانی تر، ئەمە جگە لەوەی نزیك سەنتەری شاری کۆیەیەن، کەمتر دانیشتوان ناچاربوونە کۆچ بکەن.

سەبارەت بەزۆرترین ریژەی پوختەی کۆچکردنی پێچەوانە لەناحیەی شۆرش دەردەکەوێت لە ماوەی سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) کە زیاتر لە (٦٣٪)بووە، ئەمەش بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ناحیەکە دەگەڕێتەوە دوای یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە هەولێر و سلێمانی. هەروەها بەرزترین ریژەی پوختەی کۆچکردنیش کەوتۆتە ناحیەی سکتانەوە کە زیاتر (-٤١٪)بووە، ئەمەش هەر بۆ پشتگوێخستنی گوندەکان لە رووی خزمەتگوزاریەوە دەگەڕێتەوە

**خشتەی ژمارە (١)**

**ریژەی پوختەی کۆچکردنی گوندنشینەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی سالآنی (١٩٥٧-٢٠١٠)**

| ماوە | ریژەی کۆچ(*) |
|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | -٠,٨ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | -٢٥,٦ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ١٦,٨ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٤ | ٤,٨ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٧ | -٨,٨ |
| ٢٠٠٧-٢٠١٠ | -٤٤,٥ |

**سەرچاوە/**

١- الجمهوية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء أربيل، ١٩٦١. ص٢٥٠-٢٥٦.

٢- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، مديرية تخطيط محافظة أربيل، المجموعة الاحصائية لريف محافظة اربيل، حسب تعداد عام ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد، ١٩٧٨،ص ١٩-٣٤.

٣- اقيم كوردستان العراق، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق/ محافظة اربيل، قضاء كوية، عدد سكان كؤية لعام ٢٠٠٤،ص٢٦٦-٢٨٣.

٤- اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، نتائج بداية لعملية الحصر و الترقيم في محافظة اربيل لعام ٢٠١٠.

(*) بۆدەرهێنانی ریژەی پوختەی کۆچ پشت بەم هاوکێشەی خوارەوە بەستراوە:(**تێکرای ریژەی پوختەی کۆچ= ریژەی گەشەی سالآنەی دانیشتوانی گوندەکانی قەزا– ریژەی گەشەی سالآنەی سەرجەم دانیشتوان لەقەزاکەدا)**.بڕوانە:خليل اسماعيل محمد، دهوك- نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥،ص١١٠.

### خشتەی ژمارە (٢)

### ڕێژەی پوختەی کۆچی گوندنشینەکان لەسەر ئاستی ناحیەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٠)

| ماوە / ناحیە | ١٩٧٧-١٩٥٧ | ١٩٨٧-١٩٧٧ | ٢٠٠٢-١٩٨٧ | ٢٠٠٤-٢٠٠٢ | ٢٠٠٧-٢٠٠٤ | ٢٠١٠-٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ٠,٨ | ١٩,٤- | ٥,١ | ١٤,٨ | ٢٨,٣- | ٢٢,٥ |
| تەقتەق | ١- | - | - | ١٤- | ٣١,٨- | ٣٠,٨- |
| شۆڕش | - | - | - | ٨١,٩ | ٦,٧ | ٦٣,١ |
| ئاشتی | - | - | - | ٨,٦- | ٠,٤- | ٣٦,٨- |
| سێگردکان | - | - | - | - | - | ٣٩,٧- |
| سکتان | - | - | - | - | - | ٤١,٥- |

**سەرچاوە/ هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(١)**

### نەخشەی ژمارە ( ٣ )

### ڕێژەی کۆچی گوندنشینەکان لەسەر ئاستی ناحیەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٠)




**سەرچاوە / بەپشت بەستن بە:**

**١-وەزارەتی ئاوەدانکردنەو گەشە پێدانبەڕێوبەرایەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتنەجێکردن،١:٢٥٠٠٠٠**

**٢ - وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی نەخشەی گوندەکانی پارێزگای هەولێر،١٩٩٠، ١:٢٠٠٠٠٠**

**٣ - خشتەی ژمارە(٢)**

**تەوەری دووەم: کاریگەری کۆچ لەسەر گەشەی دیموگرافی گوندنشینان**

لێرەدا بەمەبەستی زانینی تێکڕای ئەو گۆڕانانەی بەسەر قەبارەی گوندنشینانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە لە ماوەی نێوان ئامارەکان پشت بەست بەئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری دانیشتوان لەگەڵ ئەوەی ئەم سەرژمێریانە کەم و کورتی زۆریشیان تێدایە[٤]، بەلأم تا رادەیەکی زۆر وێنەی ئەو گۆڕانانەمان بۆ دەردەخات کە بەسەر ژمارەی گوندنشیناندا هاتووە لە ماوەی دوو ئاماردا.

لە قەزای کۆیە گوندنشینان دەبوایە بە شێوەیەکی سروشتی لە زیادبوون بوایە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری فاکتەری ئاینی و کۆمەڵایەتی کە هاندەری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانن، سروشتی پیشەی کشتوکاڵیش بۆ خۆی تارادەیەکی زۆر پێویستی بە دەستی کاری زۆر هەیە[٥]،بەڵام بەتێبینی کردنی خشتەی ژمارە(٣)دا دەردەکەوێت ژمارەی گوندنشینانی قەزاکە لە ماوەی نێوان سالأنی (١٩٥٧-٢٠١٠) هەڵبەزودابەزینی گەورەیان بەئاراستەی کەمبوون بەخۆوە بینیووە، بەجۆرێك لەماوەی سالأنی (١٩٥٧-١٩٧٧) رێژەی گەشەی گوندنشینان لە قەزای کۆیە(٠,٦٪)، بەلأم لەماوەی نێوان سالأنی (١٩٧٧-١٩٨٧)دا قەبارەی گوندنشینانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی سەرەنج راکێش کەمیان کردووە بەجۆرێك رێژەی گەشەی گوندنشینانی قەزاکە لەو ماوەیەدا(-٢٧٪) کەمیکردووە، ئەمەش لە ئەنجامی خراپی رەووشی سیاسی ناوچەکە بووە کە حکومەتی ئەو کاتی عێراق شالأو تەخت و سوتان گوندەکانی وەکو سیاسەتێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا جێ بەجێ دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینان ناوچەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و بچنە گۆمەڵگازۆرەملێەکان، ئەمە سەرباری نادروستی سەرژمێری هەر دوو ساڵی (١٩٧٧) و (١٩٨٧)، کە ژمارەی زۆربەی ناوچەکەیان بەخەملأندن دانابوو[٦]،(عزیز، ٢٠١٠، ل ٤٥-٤٦).کەچی لە هەردوو ماوەی سالأنی (١٩٨٧-٢٠٠٢) و (٢٠٠٢-٢٠٠٤) تێبنی دەکرێت رێژەی گەشەی گوندنشینانی قەزاکە بەرێژەی (٢٠,٥٪) و (٢٢,٩٪) زیادیان کردووە یەك بەدوای یەکدا، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئازادکردنی زۆربەی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دوای راپەرین و گەڕانەوەی بەشێکی زۆری گوندنشینان بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێتەوە.

بەلأم لەماوەکانی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) و (٢٠٠٧-٢٠١٠) سەیر دەکرێت رێژەی گەشەی گوندنشینان بەرەوو کەمبوونەوە چوونە، بەجۆرێك لە ماوەی یەکەمدا (-٣,٣٪) و لە ماوەی دووەمدا رێژەکە (-٤٧,٨٪) بووە، ئەم کەمبوونەوەیە لە رێژەی گەشەی قەبارەی گوندنشینان دەرئەنجامی خراپی رەووشی ئاووهەوا و ووشەکە ساڵی و کەم ئاوی دەگەڕێتەوە ئەمە سەرباری خراپی رەووشی خزمەتگوزاری لە گوندەکان و باشبونی لە شارەکان بەتایبەتی لەسەنتەری شارەگەورەکان، کە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەگوندنشینان کۆچ بکەن و گوندەکانیان بەجێبهێڵن روو بکەنە شارەکان. هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بونەتە هۆی ئەوەی کە قەبارەی گوندنشینان لە قەزای کۆیە لە ماوەی سالأنی (١٩٥٧-٢٠١٠) بەرێژەی (-٢,٤٪) کەم بکەن.

---

٤ . خلیل اسماعیل محمد، إقلیم کوردستان العراق-دراسات في تکوین القومي للسکان، ط٣، أربیل، ١٩٩٩،ص٣٨.

٥ . رۆستەم سەلام عزیز، دابەشبونی جوگرافیای نیشنگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان،سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٢.

٦ . هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-٤٦.

**خشتەی ژمارە(٣)**

**ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠١٠)**

| ماوە | ڕێژەی گەشە(٪)(*) |
|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ٠,٦ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٢٧,٢- |
| ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٢٠,٥ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٤ | ٢٢,٩ |
| ٢٠٠٤-٢٠٠٧ | ٣,٣- |
| ٢٠٠٧-٢٠١٠ | ٤٧,٨- |
| ١٩٥٧-٢٠١٠ | ٢,٤- |

سەرچاوەکان:

١- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء أربيل، ١٩٦١.

٢- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة أربيل، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد، ١٩٧٨.

٣- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة أربيل، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء،بغداد، ١٩٨٨.

٤- اقيم كوردستان العراق، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق/ محافظة اربيل، قضاء كوية، عدد سكان كؤية لعام ٢٠٠٤.

٥- اقليم كوردستان العراق، وزارة الداخلية، محافظة اربيل، قضاء كوية، شعبة ذاتية، عدد سكان قضاء كوية لعام ٢٠٠٤، بيانات غير منشورة.

٦- اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، نتائج بداية لعملية الحصر و الترقيم في محافظة اربيل لعام ٢٠١٠.

(*)ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەرهێندراوە:-

$$r = \left( \sqrt[T]{\frac{P_1}{p_0}} - 1 \right) \times 100$$

r=ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

t=ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێر.

$p_1$=ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێر.

$p_0$=ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم.

بڕوانە:– طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، ط٢، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٠، ص٢٩١.

هەروەها جێگای ئاماژەپێکردنە ئەو گۆڕانانەی بەسەر قەبارەی گوندنشینانی قەزاکەدا هاتووە تەنها لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر نەبووە بەڵکو لەناحیێکەوە بۆ ناحیەکی تریش جیاواز بووە بەجۆرێك لەخشتەی ژمارە(٤)دا دەردەکەوێت ناحیەی(سەنتەر) لەهەر دوو ماوەی (١٩٥٧-١٩٧٧) و(١٩٧٧-١٩٨٧) یەك بەدوای یەکدا بەرێژەی (-٢,٢٪) و (-١٧,٨٪) کەمیان کردووە ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی رەووشی سیاسی و ئابوری ئەو ماوەنەیە کە ئاماژەمان پێدا.

کەچی لە هەردوو ماوەی(١٩٨٧-٢٠٠٢) و (٢٠٠٢-٢٠٠٤) دەبینین رێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان (٨,٨٪) و (٣٢,٩٪) یەك بەدوای یەکدا گەشەیان کردووە ئەمەش بۆ باشبونی رەووشی سیاسی ناوچەکە و گەڕانەوەی ژمارەیەکی بەرچاوو لە گوندنشینان بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێتەوە، بەلاّم لەماوەی سالآنی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) رێژەی گەشەی گوندنشینان لە ناحیەی سەنتەر بەرێژەی (-٢٤,٨٪) کەمیکردووە ئەمەش بۆ خراپی رەووشی ئابوری و خزمەتگوزاری لە ناوچەکە و دروستبونی ناحیەی سکتان دەگەڕێتەوە، بەهەمان شێوە خراپی رەووشی ئابوری و خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی گوندەکانی ناحیەی سەنتەر دەبینین رێژەی قەبارەی گوندنشینان لەماوەی سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بەرێژەی (-٢٥,٨٪) کەمیکردووە.

سەبارەت بەناحیەی تەقتەق لە خشتەی ژمارە(٤)دا تێبینی دەکرێت رێژەی گوندنشینان لە ماوەی سالآنی (٢٠٠٢-٢٠٠٤) بەرێژەی (٤٤,١٪) زیادی کردووە ئەمەش بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینان بۆ زێدی خۆیان دەگەڕێتەوە، بەلاّم بەهۆی خراپی ئاستی ئابوری و خزمەتگوزاری لە گوندەکانی ناحیەی تەقتەق دەبینین لەماوەی سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بەرێژەی (-٣٤,١٪) ژمارەی گوندنشینانی ناحیەکە کەمیان کردووە.

ئەوەی جێگای تیبینیە هەر هەمان خشتەدا دەبینین قەبارەی گوندنشینانی ناحیەی شۆڕش کە لە ماوەی (٢٠٠٢-٢٠٠٧) بەرێژەی (١٠٠٪) زیادی کردووە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سالّی (٢٠٠٢) تەنها ئەو گوندانە سەرژمێری کران کە لە ژێر دەسەلآتی ئیدارەی سلێمانی بوونە، بەلاّم لەسالّی (٢٠٠٤) تەواوی گوندەکانی ناحیەی شۆڕش بەوانەی ژێر دەسەلآتی ئیدارەی هەولێروە هەژمار کراون، ئەمە لەکاتێکدا لەماوەی سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بەهان شێوەی ناحیەکانی تری قەزاکە بەرێژەی (-٦٦,٤٪) کەمیکردووە، بەراورد بەناحیەکانی تر رێژەکە بەرزە ئەوەش دەرئەنجامی خراپی بارودۆخی سروشتی ناوچەکە و خراپی ئاستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانە لە گوندەکانی ناحیەکە.

سەبارەت بەناحیەی ئاشتی لەگەڵ ئەوەی ناحیەکی نوێ بەلاّم بەهەمان شێوەی ناحیەکانی تر دووچاری کەمبوونەوەی ژمارە دانیشتوانی گوندەکانی بۆتەوە بە جۆرێك لەخشتەی ژمارە (٤)دا سەیر دەکرێت لە ماوەی سالآنی (٢٠٠٤-٢٠٠٧) قەبارەی گوندنشینان بەرێژەی (٣,١٪) زیادی کردووە، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ خراپی سەرژمێریەکان و گەڕانەوەی زیاتری گوندنشینانە لەوماوەیەدا بۆ زێدی خۆیان، کەچی لەماوەی سالآنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بەهەمان شێوەی ناوچەکانی تری قەزاکە ژمارەی گوندنشینان لە ناحیەی ئاشتی بەرێژەی (-٤٠,١٪) کەمیکردووە، ئەمەش رەنگدانەوە خراپی ئاستی ئابوری و خزمەتگوزاریە لەسەر ئاستی گوندەکان و باشبوونیەتی لە شارەکان، کە بونەتە هۆی ئەوەی گوندنشینان کۆچ بکەن بەرەوو شارەکان.

**خشتەی ژمارە(٤)**

**ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندەکان لەسەر ئاستی یەکەکارگێڕییەکانی قەزای کۆیە لەماوە سالأنی (١٩٥٧-٢٠١٠)**

| ماوە / ناحیە | ١٩٥٧-١٩٧٧ | ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١٩٨٧-٢٠٠٢ | ٢٠٠٢-٢٠٠٤ | ٢٠٠٤-٢٠٠٧ | ٢٠٠٧-٢٠١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | -٢,٢ | -١٧,٨ | ٨,٨ | ٣٢,٩ | -٢٤,٨ | -٢٥,٨ |
| تەقتەق | ٠,٤ | - | - | ٤,١ | -٢٨,٣ | -٣٤,١ |
| شۆرش | - | - | - | ١٠٠ | ١٠,٢ | -٦٦,٤ |
| ئاشتی | - | - | - | -٩,٥ | ٣,١ | -٤٠,١ |
| سێگردکان | - | - | - | - | - | -٤٣ |
| سکتان | - | - | - | - | - | -٤٤,٨ |

**سەرچاوە/ هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٣).**

بەلأم هەرچی ناحیەی سێگردکانە بەهەمان شێوە لەماوەی سالأنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) قەبارەی گوندنشینانی بەرێژەی (-٤٣٪) کەمیکردووە، ئەمەش هەر ڕەنگدانەوەی خراپی ئاستی ئابوری گوندنشینان و خراپی ئاستی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانە کە بونەتە هۆی ئەوەی گوندنشینانی ناحیەی سێگردکان کە ناحیەکی نوێشە کۆچ بکەن و گوندەکانیان بەجێبهێڵن، هەر ئەو هۆکارانەش بوونەتە هۆی ئەوەی گوندنشینانی ناحیەی سکتان گوندەکانیان چۆڵ بکەن و ڕووبکەنە شارەکان، بەجۆرێك قەبارەی گوندنشینان لە ناحیەی ناوبراوو لەماوەی سالأنی (٢٠٠٧-٢٠١٠) بە ڕێژەی (-٤٤,٨٪) کەم بکەن. بڕوانە خشتەی ژمارە(٤)

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەماوەی سالأنی (١٩٥٧-٢٠١٠) ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی قەزای کۆیە بەرەوو کەمبوونەوە چوونە ئەو کەمبونەوەیەش لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە، هۆکاری سەرەکیش بۆ کۆچی دانیشتوانی گوندەکان دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام بەهۆی خراپی ڕەوشی سیاسی و ئابوری و نزمی ئاستی خزمەتگوزاریەجۆربەجۆرەکان کۆچیان بەرەوو شار و ئۆردوگاکان کردووە، ئەمەش گۆڕانی گەورەی بەسەر ژمارەی دانیشتوانی گوندەکاندا هێناوە لە قەزای کۆیە، بەشێوەیەك بۆتە هۆی کەمبونەوەی ژمارەیان.

**تەوەری سێیەم: کاریگەری کۆچ لەسەر گۆڕانی قەبارەی نشینگە گوندییەکان:**

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ڕێژەوقەبارەی دانیشتوانی قەزای کۆیەدا هاتووە، بەتایبەتی گوندنشینەکان کاریگەری هەبووە لەسەر بچوکبوونەوەی قەبارەی گوندەکان، بەجۆرێك بەهۆی بەرزی ڕێژەی کۆچی گوندنشینەکان بۆ سەنتەری شارنشینی و کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان، قەبارەی گوندەکان بچوکبۆتەوە، بەمەش ژمارەی گوندە قەبارە بچوکەکان زیادیان کردووە، ژمارەی گوندە قەبارە گەورەکانیش کەمبونەتەوە، بەشێوەیەك لەخشتەی ژمارە(٥)دا تێبینی دەکرێت ڕێژەی ئەو گوندانەی کە قەبارەیان لە (٢٠٠کەس) کەمترە لەساڵی (١٩٥٧) زیاترە لە (٦٥٪)بووە و ژمارەی گوندنشینەکانی ئەو دەستەیەش نزیکەی (٣٣٪)ی سەرجەم گوندنشینەکانی قەزاکە بوونە، کەچی لەساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی ئەو گوندانەی کەوتونەتە نێو ئەم

دەستەیە زیادی کردووە، بووە بە زیاتر لە (٦٧٪) و بەهەمان شێوەش ڕێژەی گوندنشینەکانیش زیادی کردووە بووە بە زیاتر لە (٣٧٪)، ئەم بەرزبوونەوەیە لە ژمارەی گوندەکان و دانیشتوانی ئەم دەستەیە دەرئەنجامی بچوکبونەوەی چەند گوندێکی قەبارە گەورەیە کە بەهۆی کۆچی دانیشتوانەکانیانەوە قەبارەیان بچوك بۆتەوە.

سەبارەت بەو گوندانەی کە قەبارەیان لە دەستەی (٢٠٠-٤٩٩) کەسە لە قەزای کۆیە لە ساڵی (١٩٥٧) زیاتر لە (٢٩٪)بوە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی نزیکەی (٥٠٪) بوە، کەچی لە ساڵی (٢٠١٠)دا ڕێژەی گوند و دانیشتوانەکەی کەمبونەتەوە بەجۆرێك ڕێژەی گوندەکان گەیشتۆتە کەمتر لە (١٩٪)، هەروەها ڕێژەی دانیشتوانەکەشی کەمتر لە (٤٠٪) بوە، کەمبونەوەی ڕێژەی گوند و دانیشتوانی ئەم دەستەیە دەرئەنجامی کۆچی دانیشتوانی گوندەکان و پاشان بچوکبونەوەی قەبارەی گوندەکانی ئەم دەستەییە.

هەرچی دەستەی (٥٠٠ - ٩٩٩)یە لەبەرئەوەی ژمارەی گوندەکانی ئەم دەستەیە چەند گوندێکە، بۆیە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ڕێژەی گوندەکانی نەهاتوە، بەجۆرێك ڕێژەی گوندەکانی ئەم دەستەیە لە قەزای کۆیە لە ساڵی (١٩٥٧) وەك لە خشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتوە، بەشێوەیەك ڕێژەکە (٥,٤٪) بوە، لە ساڵی (٢٠١٠)ش بەهۆی ڕونەدانی گۆڕانکاری ڕێژەکە هەروەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام هەرچی ڕێژەی دانیشتوانەکەیەتی ئەوە زیادی کردوە، بەجۆرێك لە (١٦٪) ەوە بووە بەزیاتر لە (١٩٪). ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەبارەی ئەو گوندانە لە بنەڕەتدا گەورە بوە و، ژمارەی دانیشتوانی زۆر بوە، هەربۆیە خزمەتگوزارییەکانی تێدا بەردەست بوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر ژمارەی دانیشتوان بۆ ۆخی کێش بکات.

سەبارەت بەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە (١٠٠٠) کەس زیاتر بوە، وەك لە هەمان خشتەی ئاماژە بۆکراودا تێبینی دەکرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (١٩٥٧) ئەم جۆرە دەستەیە بونی نەبوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ یەکمجار ئەم جۆرە گوندانە لە قەزای کۆیەدا بەدەرکەوتن و، ڕێژەی ئەم گوندانە کەتر لە (١٪) بوە و، ژمارەی دانیشتوانەکەشی زیاتر لە (٤٪)ی کۆی دانیشتوانی گوندەکانی قەزاکەی پێکهێناوە، دەرکەوتنی ئەم جۆرە گوندە دەرئەنجامی گەورەبونی زیاتری هەندێ گوندی گەورەیە، بەهۆی بونی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی تێدا.

**خشتەی ژمارە(٥)**

**قەبارەی گوندەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٠)**

| دەستەی قەبارە | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠١٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان |
| کەمتر لە ٢٠٠ | ٦٥,١ | ٣٣ | ٥٤,٩ | ٢٢,٥ | ٦٣,٤ | ٢٩,٦ | ٦٧,٧ | ٣٧,١ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | ٢٩,٥ | ٥١ | ٣٦,٨ | ٥٤,١ | ٢٨,٢ | ٤١,٤ | ١٨,٧ | ٣٩,١ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | ٥,٤ | ١٦ | ٦,٣ | ٢٠ | ٦,٩ | ٢٠,٧ | ٤,٥ | ١٩,٤ |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | ٠,٧ | ٣,٤ | ١,٥ | ٨,٣ | ٠,٧ | ٤,٤ |
| نەزاندراوو | - | - | ١,٣ | - | - | - | ٨,٤ | - |
| سەرجەم | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

١- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء أربيل، ١٩٦١. ص٢٥٠-٢٥٦.

٢- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، مديرية تخطيط محافظة أربيل، المجموعة الاحصائية لريف محافظة اربيل، حسب تعداد عام ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد، ١٩٧٨،ص ١٩-٣٤.

٣- اقيم كوردستان العراق، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق/ محافظة اربيل، قضاء كوية، عدد سكان كؤية لعام ٢٠٠٤،ص٢٦٦-٢٨٣.

٤- اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، نتائج بداية لعملية الحصر و الترقيم في محافظة اربيل لعام ٢٠١٠.

بەڵام گۆڕانی قەبارەی گوندەکانە لەسەر ئاستی ناحیەکانی قەزای کۆیە بەهۆی جیاوازی بارودۆخی هەریەك لە ناحیەکان جیاوازە، بەجۆرێك لە خشتەی ژمارە (٦) بەرچاو دەکەوێت، ڕێژەی ئەو گوندانەی کە قەبارەیان لە (٢٠٠) کەس کەمترە لە ناحیەی سەنتەر لە ساڵی (١٩٥٧) زیاتر لە (٧٠٪) بوە و، ڕێژەی گوندنیشنەکانی ئەم دەستەیەش لە هەمان ساڵدا زیاتر لە (٣٤٪) بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان و دانیشتوانی ئەم دەستەیە کەمی کردوە، بەجۆرێك ڕێژەی گوندەکان گەیشتۆتە کەمتر لە (٦٨٪) و ڕێژەی دانیشتوانی ئەم دەستەیەش بۆ زیاتر لە (٥٨٪) زیادی کردوە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو بایەخە زۆرەوە سەرچاوەی گرتوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگوندەکانی نزیك شاری کۆیەی داوە، کە وایکردوە دانیشتوان لە شوێنی خۆیان بمێننەوە،بەوەش قەبارەی گوندەکان زیادیان کردوە.

سەبارەت بەدەستەی قەبارە (٢٠٠ – ٤٩٩) لەهەمان خشتەدا سەیر دەکەین لە ناحیەی سەنتەر لە ساڵی (١٩٥٧) ڕێژەی گوندەکان نزیکەی (٢٥٪)دا بوە، ڕێژەی گوندنیشینەکانیشی زیاتر لە (٤٩٪) بوە، کەچی لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان بۆنزیکەی (٨٪) کەمی کردوە و ڕێژەی گوندەکانیش گەیشتۆتە نزیکەی (٢٣٪) ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو کۆچە بەلێشاوەیە کە دانیشتوانی گوندەکان بەردەوام بۆ شارەکان ئەنجامی دەدەن.

## خشتەی ژمارە(٦)

## قەبارەی گوندەکانی قەزای کۆیە بەگوێرەی ناحیەکان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٠)

| قەبارەی گوندەکان بەگوێرەی ناحیەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠١٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان | ڕێژەی گوند | ڕێژەی دانیشتوان |
| ناحیەی سەنتەر | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | ٧٠,٢ | ٣٤,٩ | ٧١ | ٣٠,٩ | ٧٥ | ٣٨,٩ | ٦٧,٥ | ٥٨,٨ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | ٢٥ | ٤٩,٧ | ٢٠,٨ | ٤٤,٥ | ١٧,٥ | ٢٨,٢ | ٨,١ | ٢٣,٣ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | ٤,٨ | ١٥,٤ | ٦,٢ | ٢٤,٦ | ٥ | ١٨,٦ | ٢,٧ | ١٧,٨ |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | - | - | ٢,٥ | ١٤,٣ | - | - |
| نەزاندراوو | - | - | ٢ | - | - | - | ٢١,٦ | - |
| ناحیەی ئەفتەق | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | ٥٨,٥ | ٣٠,٥ | ٤٤,٥ | ١٧,١ | ٤٣,٣ | ١٣,٤ | ٥٢,٤ | ١٩,٣ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | ٣٥,٤ | ٥٢,٤ | ٤٤,٥ | ٥٠,٧ | ٣٣,٤ | ٣٤,٥ | ٢٨,٦ | ٤٩,٢ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | ٦,١ | ١٧,١ | ٩,٢ | ٢٥ | ٢٠ | ٣٩,١ | ٩,٥ | ٣١,٤ |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | ١,٨ | ٧,٢ | ٣,٣ | ١٣ | - | - |
| نەزاندراوو | - | - | = | - | - | - | ٩,٥ | - |
| ناحیەی شۆڕش | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | - | - | ٥٠ | ٢٣,٩ | ٧٠,٧ | ٤٤,٥ | ٨٨,٥ | ٦٨,٩ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | - | - | ٤٥,٢ | ٦٨,٣ | ٢٩,٣ | ٥٥,٥ | ٩,٦ | ٣١,١ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | - | - | ٢,٤ | ٧,٨ | - | - | - | - |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - |
| نەزاندراوو | - | - | ٢,٤ | - | - | - | ١,٩ | - |
| ناحیەی ئاشتی | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | - | - | - | - | ٥٥ | ٢٧,٤ | ٥٢,٢ | ٢٠,٥ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | - | - | - | - | ٤٠ | ٥٨,٥ | ٣٩,١ | ٥٥,٣ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | - | - | - | - | ٥ | ١٤,١ | ٨,٧ | ٢٤,٢ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - |
| نەزاندراوو | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ناحیەی سکتان | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | - | - | - | - | - | - | ٧٠ | ٢٩ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | - | - | - | - | - | - | ٢٠ | ٣١,١ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | - | - | - | - | ١٠ | ٣٩,٩ |
| نەزاندراوو | - | - | - | - | - | - | - | - |
| ناحیەی سیگردکان | | | | | | | | |
| کەمتر لە ٢٠٠ | - | - | - | - | - | - | ٣٣,٣ | ١٤,٢ |
| ٢٠٠-٤٩٩ | - | - | - | - | - | - | ٣٣,٣ | ٣٩,٧ |
| ٥٠٠-٩٩٩ | - | - | - | - | - | - | ١٦,٦ | ٤٦,١ |
| ١٠٠٠وزیاتر | - | - | - | - | - | - | - | - |
| نەزاندراوو | - | - | - | - | - | - | ١٦,٦ | - |

**سەرچاوە/ هەمان سەرچاوەکانی خشتەی ژمارە(٥)**

هەرچی گوندەکانی دەستەی قەبارەی (٥٠٠ – ٩٩٩)یە لە ساڵی (١٩٥٧) لە ناحیەی سەنتەر کەمتر لە (٥٪) بوە، ڕێژەی دانیشتوانەکەشی زیاتر لە (١٥٪) بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان بۆ (٢,٧٪) کەمی کردوە، ڕێژەی گوندەکانیش بۆ زیاتر لە (١٧٪) زیادی کردوە.

ئەوەش بۆ بچوکبونەوەی هەندێ لە گوندەکانی ئەم دەستەییە و گەورەوبونی ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەوەی ماوەتەوە گوندەکانی دەستەی قەبارە (١٠٠٠و زیاترە) کە لە ساڵی (١٩٥٧) ئەم دەستە قەبارەیە لە ناحیەی سەنتەر بوینان نەبوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢) بەدواوە بەدەرکەوتوە، ڕێژەی گوندەکانی زیاتر لە (٢٪) بوە، دانیشتوانی گوندەکانی ئەم دەستەیەش زیاتر لە (١٤٪) بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ئەم دەستەیە ون دەبێت و نامێنێت، ئەوەش دەرئەنجامی کۆچی گوندنیشینەکانەو بچوکبونەوەی قەبارەی ئەو گوندانەیە.

سەبارەت ناحیەی تەقتەق وەکو لەخشتەی ژمارە(٦)دا تێبینی دەکرێت گوندەکانی دەستەی قەبارە کەمتر لە(٢٠٠کەس) لە ساڵی (١٩٥٧) کەمتر لە (٥٩٪)بوونە و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی زیاتر لە (٣٥٪)دا بووە بەڵام لەساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان بۆ (٥٢٪) و گوندنشینەکانی بۆ (١٩٪) کەمیان کردووە، ئەمەش جارێکی تر بۆ کۆچی گوندنشینەکان و چۆڵبوونی زۆربەی زۆریان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەرچی گوندەکانی دەستەی قەبارە(٢٠٠-٤٩٩)یە لە هەمان خشتەدا دەردوکەوێت لەساڵی (١٩٥٧) نزیکەی (٣٥٪) و ڕێژەی دانیشتوانەکەشی زیاتر لە (٥٢٪)بوونە لە بەرامبەردا لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان بووە بەکەمتر لە (٢٩٪) و ڕێژەی گوندنشینەکان کەمبۆتەوە بۆ کەمتر لە (٤٩٪) ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ کۆچی دانیشتوانی گوندەکان و دابڕانی ژمارەیەك لە

گوندەکانی ئەم ناحیەیە و خستنەسەر ناحیەی ئاشتی کە ناحیەیەکی نوێ و بەشێکی تریشی خراوەتنە سەر ناحیەی سێگردکان.

هەروەها سەبارەت بەگوندەکانی دەستەی (٥٠٠-٩٩٩) لەساڵی (١٩٥٧) ڕێژەی گوندەکان نزیکەی(٦٪)دا بووە و ڕێژەی گوندنشینەکانیش زیاتر لە (١٧٪)بووە بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان زیادی کردووە بۆ زیاتر لە (٩٪) گوندنشینەکانیش بۆ زیاتر لە (٣١٪) زیادیان کردووە، ئەمەش بەپلەی یەکەم دەرئەنجامی ئەو بایەخەزۆرەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو گوندانەی داوە کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و قەبارەیان گەورەیە.

هەرچی قەبارەی ئەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زیاتر لە (١٠٠٠کەس) لەساڵی (١٩٥٧) لە ناحیەی تەقتەق بوونیان نەبووە بەڵام لە هەردوو ساڵی (١٩٧٧) و (٢٠٠٢) بەدەرکەوتوون کەچی لە ساڵی (٢٠١٠) بەهۆی کۆچی گوندنشینەکان قەبارەی ئەو گوندانە بچوکبوونەوە چوونەتە دەستەی خوارەوەی خۆیان کە دەستەی (٥٠٠-٩٩٩).(بڕوانە خشتەی ژمارە٦).

سەبارەت بەناحیەی شۆڕش ئەوە تەنها دوو دەستە لە قەبارەی گوندەکان تێیدا بەدی دەکرێت لە ساڵی (٢٠١٠) کە هەردوو دەستەی کەمتر لە (٢٠٠) و (٢٠٠- ٤٩٩)یە، ڕێژەی گوندەکانی دەستەی یەکەم لە ساڵی (٢٠١٠) زیاتر لە (٨٨٪) بوە و، ڕێژەی گوندنیشنەکانیشی زیاتر لە (٦٨٪) بوە، بەرزی ڕێژەی گوند و دانیشتوانی ئەم دەستەیە دەرئەنجامی ئەوەیە زۆربەی گوندەکانی ئەم ناحیە بچوکن و ژمارەی دانیشتوانیشی کەمە، بەڵام هەرچی دەستەی قەبارە (٢٠٠ -٤٩٩)یە لە ناحیەی شۆڕش لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان (٩،٦٪) بوە و، ڕێژەی گوندنیشنەکانیشی زیاتر لە (٣١٪) بوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

هەرچی ناحیەی (ئاشتی)یە لەبەرئەوەی ناحیێەکی نوێیە بۆیە ڕێژەی گوندەکان و دانیشتوانەکانی لە نێوان هەردوو ساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠١٠) بەراورد دەکەین، بۆ نمونە لە خشتەی ژمارە (٦)دا دەردەکەوێت ڕێژەی گوندەکانی دەستەی قەبارە کەمتر لە (٢٠٠)کەس لە ساڵی (٢٠٠٢) نزیکەی (٥٥٪) بوە و، ڕێژەی گوندنیشنەکانیشی زیاتر (٢٧٪) بوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەی گوندەکان بۆ (٥٢٪) کەمیان کردوە و، ڕێژەی گوندنیشنەکانیش بەهەمان شێوە کەمیان کردوەو بوە بە (٢٠٪)، ئەوەش بۆ کۆچی گوندنیشنەکان و چۆڵبونی چەند گوندێك دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە گوندەکانی دەستەی قەبارە (٢٠٠-٤٩٩) لە ناحیەی ئاشتی تێبینی دەکرێت لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی گوندەکان (٤٠٪) و ڕێژەی گوندنیشنەکان (٥٨٪) بونە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠)دا ڕێژەکان بۆ (٣٩٪) و (٥٥٪)دا کەمیان کردوە، بەلا هەرچی دەستەی قەبارە (٥٠٠ — ٩٩٩) لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی گوندەکانی (٥٪) و ڕێژەی گوندنیشنەکانیشی زیاتر لە (١٤٪) بوە، هەربۆیە لە ساڵی (٢٠١٠) ئەو ڕێژانە زیادیان کردوەو بونە بە (٨،٧٪) و (٢٤،٢٪)، ئەوەش زیاتر بۆ گەورەبونی گوندە قەبارە گەورەکان دەگەڕێتەوە بەهۆی بونی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان.

ئەوەی ماوەتەوە ناحیێەی (سکتان)ە، کە زۆرترین لە گوندەکانی دەکەوێتە دەستەی قەبارە (زیاتر لە ٢٠٠ کەس، زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانیشی دەکەوێتە دەستەی قەبارە (١٠٠٠ کەس و زیاتر)، بەهەمان شێوەیەش ناحێیەی (سێگردکان) زۆرترین گوندی دەکەوێتە دەستەی قەبارە (کەمتر لە ٢٠٠) و (٢٠٠-٤٩٩)، بەڵام زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی دەکەوێتە دەستەی قەبارە (زیاتر لە ١٠٠٠) کەس، کە زیاتر لە (٤٦٪) دانیشتوانی ناحیەکەی لەخۆگرتوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

لێرەدا ئەتوانین بڵێین بەهۆی زۆری ڕێژەی کۆچی گوندنیشنەکان قەبارەی گوندەکان کەمبونەتەوە، بۆیە ڕێژەی قەبارەی دەستە بچوکەکان تا دێت زیاتر دەبێت لە قەزای کۆیە، بەلاّم لە هەمان کاتدا کەمترین ڕێژەی دانیشتوان لەخۆدەگرن، لەبەرامبەردا کەمترین ڕێژەی گوندەکان، ئەو گوندانەیە کە قەبارەیان لە (١٠٠٠) کەس زیاترە، کەچی زۆرترین دانیشتوان لەخۆدەگرن، زۆرترین گوندی قەبارە بچوکیش دەکەوێتە ناحیەی شۆڕش، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە سروشتی و ئابوری و سیاسیەیە لە ناوچە جیاجیاکانی ناحیەکە بەدی دەکرێت.

**تەوەری چوارەم: فاکتەرەکانی کۆچکردن**

سەبارەت بەقەزای کۆیە وەکو لەسەرژمێریەکاندا دەردەکەوێت گوندنشینانی دەڤەرەکە لەماوەی ساڵانی نێوان(١٩٥٧-٢٠١٠) بەڕێژەیەکی بەرچاوو کەمیان کردووە ئەمەش بۆ ئەو کۆچە بەردەوامە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی گوندەکان بۆ سەنتەری شارەکان و ناوچەکانی تر کردوویانە، ئەو کۆچکردنە بەلێشاوەی دانیشتوانی گوندەکانیش لە ئەنجامی چەندین فاکتەری سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتی یەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە لاپەڕەکانی ئایندەدا بەشێوەیەکی تێر وتەسل باس لە یەکەیەکەی ئەو فاکتەرانە دەکەین:-

١- **فاکتەری سیاسی:** کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر کۆچی گوندنشینانی قەزای کۆیە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووە تاکو راپەڕینی ئازاری (١٩٩١) بە بەراوورد بە فاکتەرەکانی تر کاریگەری زیاتر بووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو رەوشەڕامیاریە خراپەوە دێت کە دەسەلاّتی ناوەندی بەسەر گوندەکانی دەڤەرەکە و کوردستانیدا هێنا، لە سیاسەتی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و راگواستنی گوندنشینەکان بۆ مەڵبەندی شار و ئۆردوگازۆرەملێکان بە ئامانجی لە ناوبردنی شۆڕشی کورد، بەجۆرێك لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٧)زیاتر لە (٢٤)گوندی دەڤەرەکە وێران کران و کۆی ژمارەی خێزانەکانی نزیکەی (٨٧٠) خێزان بوون[٧]، کەچی لە ساڵی (١٩٨٨) ڕێژەی گوندەتێکدراوەکان دەگاتە زیاتر لە (٩٧٪)[٨]،دانیشتوانی ئەو گوندانەش راگوازرانە ئۆدوگازۆرەملێکان و سەنتەرەکانی شارنشینی لە دەوروبەری شاری هەولێر.

٢- **فاکتەری سروشتی-ئابوری:** کشتوکاڵ چالاکی ئابوری گوندنشینانە کە لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان پشتی پێ دەبەستن،(کشتوکاڵ)یش بریتیە لە هەوڵدانی مرۆڤ لە پێناو بەدەست هێنانی بەروبومی رووەکی و ئاژەڵی، ئەمەش لە رێگای بەگڕخستنی توانا مرۆیی و سروشتیەکان دەستەبەر دەبێت[٩].

هەر بۆیە لەبەر ئەوەی کۆڵەگەی ئابوری گوندنشینان کشتوکاڵە، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدین باس لەو گیروگرفتانە بکەین کە دەبنە رێگر لەبەردەم گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە قەزای کۆیە، چونکە بونی ئەو رێگریانە دەبنە هۆی

[٧] . ئەمین قادر مینە، ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل و تەعریب و تەبعیس، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٣٠٨.

[٨] . رۆستەم سەلام عزیز، دابەشبونی جوگرافیای نیشنگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.

[٩] . نوري خليل برازي وابراهيم عبدالجبار المشهداني، الجغرافية الزراعية،ط٢، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، ٢٠٠٠، ص١٣.

لاوازی ئابوری دانیشتوانی گوندەکان و ناچاربون بەکۆچکردن و بەجێهێشتنی گوندەکانی لێ دەکەوێتەوە، دیارترین گیروگرفت کە دەبنە هۆی بەربەست لەبەردەم گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە قەزای کۆیە بریتین لە مانەی خوارەوە:

- کەمی باران: باران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نیوەزستانی ساڵ دەبارێت، بەشێوەیەکی سەرەکی قەزای کۆیە لە رووی بارانبارینەوە دەکرێتە دوو ناوچەی باران بارین کە بریتین لەناوچەی بارانی مسۆگەر کە باران تێیدا بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە (٥٠٠ملم)، ئەم هەرێمەی باران لە قەزای کۆیە دەکەوێتە ناوچەکانی باکوری قەزاکە، بەڵام هەرچی ناوچەی بارانی نامسۆگەرە دەکەیتە بەشەکانی باشوری قەزاکە و بڕی باران تێدا کەمترە لە (٥٠٠ملم)[١٠].

تێکڕای ساڵانەی باران بارین لە قەزای کۆیە دەگاتە(٦٦٠,٤ملم) ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو بڕە بارانەی کە دەبارێت هەڵبەزودابەز دەکات لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، بەشێوەیەك ساڵێك بڕێکی زۆر باران دەبارێت دەگاتە(١١٩٥,٧ملم) وەکو ساڵی (١٩٩٧) کەچی لە ساڵێکی تر بڕێکی کەم دەبارێت دەگاتە (٢٧٩ملم) وەکو ساڵی (٢٠١٠)[١١].

ئەم هەڵبەزودابەزە لە بڕی باران بارین لە قەزای کۆیە کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر کشتوکاڵ بەتایبەتی ئەو بەروبومانەی کە پشت بە باران دەبەستن بە شێوەیەك ئەو ساڵەی کە بڕێکی زۆر باران ببارێت بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد دەکات بە پێچەوانەشەوە راستە، ئەمە سەرباری ئەوەی ماوەی نێوان شەپۆلەکانی باران زۆرە هەندێ جار دەگاتە(٢٠-٢٥رۆژ)، ئەوەش بەرۆڵی خۆی کاریگەری خراپی دەبێت لە لە سەر چالاکیەکشتوکاڵییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە، هەموو ئەوانە بەسەر یەکەوە دەبنە هۆی خراپ بوونی دۆخی ئابوری گوندنشینان و پاشان ناچار دەبن کۆچ بکەن بەرەوو سەنتەرەکانی شارنشینی.

- **خاك:** یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی کشتوکاڵکردن، بەجۆرێك ئەو ناوچانەی کە جۆری خاکەی باش و شیاون ، تێبینی دەکرێت پرۆسەی کشتوکاڵکردن تێدا سەرکەوتووە بەبەراورد بەو ناوچانەی باش نیە گرفتی جۆراوجۆری هەیە.

سەبارەت بە قەزای کۆیە سەرباری ئەوەی خاکەکەی بەشێوەیەکی گشتی باشە و دەست دەدات بۆ کشتوکڵکردن بەتایبەتی بۆ بەرهەمهێنانی بەروو بومی گەنم و جۆ[١٢]، بەڵام روبەرێکی فراوان لە خاکی ناوچە جیاجیاکانی قەزاکە دەناڵێنن بەدەست گرفتەکانی راماڵین و کەم پیتی، بەجۆرێك ناوچەکانی باکوری قەزاکە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە و پلەی لێژی تێدا زۆرە بۆیە دەبینین زۆربەی خاکی ئەو ناوچانە دووچاری راماڵین بونەتەوە بەتایبەتی راماڵینی ئاوی، هەروەها خاکی دەڤەری لێکۆڵینەوە رووبەرووی گرفتێکی تر بۆتەوە ئەویش گرفتی کەم پیتیە، گرفتی کەم پیتی لە ئەنجامی چاندنی بەردەوام بەتایبەتی یەك جۆرە بەرهەم و

---

١٠. کامەران تاهیر سەعید، قەزای کۆیە-لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل٥٥.

١١. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، بەشی کەشناسی، تۆمارەکانی رادەی باران بارین لە ویستگەی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠١٠)، داتای بلاَونەکراوە.

١٢. بنار عبدالخالق بکر، دەرامەتە سروشتیەکانی قەزای کۆیە- گرفت و چارەسەرکردن، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١٠، ل١٦٠.

**ئاودانی زیاد لە پێویست و سوتاندنی پاشماوەی بەرووبوومەکان وەك لق و گژوگیا و دەوەن پەیدا دەبێت[١٣]، هەموو ئەو گرفتانەی رووبەرووی خاکی قەزای کۆیە بونەتەوە تا رادەیەکی زۆر بونەتە بەر بەست لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا.**

**- سەرچاوەی ئاو: ئاو یەکێکە لە بنەما هەرە گرینگەکانی کشتوکاڵ، بەبێ بونی ئاو کشتوکاڵکردن هیچ مانایەکی نا بێت، بەو مانایەی ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە ئاو پرۆسەی کشتوکاڵکردن تێیدا شتێکی ئاسان دەبێت، بە پێچەوانەشەوە راستە.**

**سەبارەت بە قەزای کۆیە لەگەڵ ئەوەی لە ناوچە جیاجیاکانی چەندین رووباری هەمیشەیی و وەرزی بونیان هەیە، بەلاّم نەتواندراوە وەکو پێویست سودیان وەربگیردرێت لە بواری کشتوکاڵکردندا، ئەوەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:**

**١- نەبونی پلانی حکومەت بۆ سود وەرگرتن لە ئاو ئەو روبارانە.**

**٢-بەهۆی تۆبۆگرافیای ناوچەکەوە ئاستی ئاوی رووبارەکان زۆر نزمە بەبەراورد لەگەڵ زەوویە کشتوکاڵییەکان[١٤]، جگە لە چەند رووبەرێکی زەوی کشتوکاڵی نەبێت لە کەنار زێی بچوك کە بۆ کشتوکاڵکردن پشتی پێ دەبەستن وەکو ئاشکراشە نزیکەی (٧٠٪) رووبەری زەویەکشتوکاڵییەکان دەکەونە ناوچەی بارانی نامسۆگەر[١٥]، لەگەڵ ئەوەشدا بڕی باران بارین لە ناوچە جیاجیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەڵبەزودابەز دەکات، بەو مانایەی کە ساڵێك باران زۆر دەبارێت و کەچی ساڵێکی تر کەم دەبارێت[١٦].**

**سەبارەت بە ئاوی ژێر زەویش وەکو ئاشکرایە ئەو ئاوەی کە لە ژێر زەوی بە دی دەکرێت لە ناوچەکەدا لە روی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە گرفتی زۆری نیە، لە لایەك بڕەکەی باشە و لەلایەکی تریشەوە لە رووی چۆنایتیشەوە تا رادەیەك بێ گرفتە[١٧].**

**لێرەدا دەتوانین بڵێین کەمی ئاو و سوود وەرنەگرتن لە ئاوی ئەو رووبارانەی کە لە سنوری قەزای کۆیەدا هەیە و ناجێگیری لە بڕی باران بارینی ساڵانە و هەوڵنەدان بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەووی بونەتە بەربەست لەبەردەم ئەنجامدانی کشتوکاڵ.**

**- ڕێگاوبان: خراپی جۆری ڕێگاوبان و ڤیرتاونەکردنی زۆربەی ڕێگاکانی قەزای کۆیە، بەتایبەتی ڕێگای نێوان گوندەکان لەلایەك و ڕێگای نێوان گوندەکان و سەنتەرەکانی شارنشینی، بەربەستێکی ترە لە بەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ڕێگا ڤیرتاوکراوەکان لە ساڵی (٢٠٠٧) گەیشتۆتە**

---

١٣ . سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢-١٨٥.

١٤ . ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، جیوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، کتێبی سەنتەری برایەتی-٣، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،١٩٩٨، ل١٢٩.

١٥ . رۆستەم سەلام عزیز، دابەشبونی جوگرافیای نیشنگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

١٦ . بنار عبدالخالق بکر، دەرامەتە سروشتیەکانی قەزای کۆیە- گرفت و چارەسەرکردن، سەرچاوەی پێشوو،ل٨٠.

١٧ . هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥-١١٦.

نزیکەی(٣٠٪) کەچی سەرجەم ڕێگاکانی تر خۆڵن یان چەورێژن[١٨]،(نەخشەی ژمارە ٤)ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو ڕێگایانەی قەزاکە بە شارەکانی دەوروبەر دەبەستێتەوە یەك سایدن و کورتکراوەتنەوە تەنها لەسەر ڕێگای ئۆتۆمبێل بە شێوەیەك جۆرەکانی تری وەکو ڕێگای گواستنەوەی ئاوی و ئاسنە ڕێگا لەناوچەکە نابیندرێت.

- **زانست و تەکنەلۆژیا:** سەرباری  بە نەبونی سەنتەرێکی توێژینەوە لە بواری کشتوکاڵ لە قەزای کۆیە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین جۆری تۆ بۆ چاندن و باشترین جۆری ئاژەڵ بۆ بەخێوکردن، ئەو کەرەستانەی کە بەکاریش دەهێندرێت لە پرۆسەکانی کشتوکاڵکردن دواکەوتون و بۆ سەردەمەکانی حەفتاوهەشتاکان دەگەڕێتەوە[١٩]، ئەمە جگە لە کەمی ژمارەی ئەو ئامێرانەی کە

**نەخشەی ژمارە (٤)**

**تۆڕەکانی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە**




سەرچاوە / محەمەد زاهیر سادق،شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای گواستنەوە،نامەی ماستەر،کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨، ل٤٨(بلاونەکراوەتەوە) .

١٨ . محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە-لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٤٦.

١٩ . چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محمد حاجی) بەرپرسی بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای کۆیە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢).

لە بواری كشتوكاڵكردندا بەكار دەهێندرێت بە شێوەیەك ژمارەی تراكتۆر لە قەزای كۆیە لە ساڵی (٢٠١٤)دا گەیشتۆتە (٢٢٥١) تراكتۆر لە گەڵ بوونی (٢٩) كۆمباین(دەراسە)[٢٠].

هەموو ئەوانەی سەرەوە بونەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی كشتوكاڵ لە قەزای كۆیە، چونكە زانست و تەكنەلۆژیا بنەمایەكن لە بنەما سەرەكیەكانی گەشەپێدانی كشتوكاڵ لە هەر ناوچەیەك لە ناوچە كشتوكاڵیەكان، بۆ ئەو ناوچانەی كە لە رووی زانست و تەكنەلۆژیاوە پێشكەوتوون كشتوكاڵیشیان پێشكەوتووە، بە پێچەوانەشەوە راستە هەر چەند لە رووی زانست و تەكنەلۆژیاوە دواكەوتوو بێت كشتوكاڵەكەشی دواكەوتوو دەبێت.

قەزای كۆیەش بەهۆی دواكەوتوویی لە رووی تەكنەلۆژیاوە بۆیە كشتوكاڵیش لەم دەڤەرە دواكەوتووە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی خراپی رەووشی ئابوری گوندنشینان و دواجار كۆچكردنیان و بەجێهێشتنی گوندەكانیانی لێ دەكەوێتەوە.

- **سەرمایە:** كەمی سەرمایە و هەژاری جوتیارانی قەزاكە بەربەستێكی ترە لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی كشتوكاڵ، چونكە بەبێ بونی سەرمایە نەك شتێك نابێت بە ناوی گەشەپێدان بەڵكو پرۆسەی كشتوكاڵكردنیش كارێكی زەحمەت دەبێت، ئەمە جگە لە كەمی ژمارەی ئەو كەسانەی سوودمەند بوونە لەو قەرزەی كە حكومەت لەسالأنی رابردوو بە ناوی قەرزی كشتوكاڵی دەیدابوو بە جوتیاران، ئەمەش بە هۆی ئەو رۆتینە زۆرەی كە پێویست بوو ئەنجامی بدەن لە دام و دەزگاكانی حكومەت بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو قەرزە، كە بوبوە هۆی ئەوەی جوتیاران ماندووبن و وازی لێ بهێنن و بكشێنەوە[٢١].

بۆیە لێرەدا كەمی سەرمایە و هەژاری جوتیاران و پاڵپشتی نەكردنیان لە لایەن جكومەتەوە لە رووی سەرمایەوە بەربەستن لە بەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی كشتوكاڵ لە سنوری قەزای كۆیەدا.

**٣- فاكتەری خزمەتگوزاری:**

مەبەست لە فاكتەری خزمەتگوزاری، خزمەتگوزاریەكانی وەكو(ئاو، كارەبا، خوێندن، تەندروستی)یە كە هەموو ئەمانە تا رادەیەكی زۆر كاریگەریان لەسەر رێژەی كۆچی گوندنشیان هەیە لە قەزای كۆیە، بەجۆرێك كەمی یان نەبوونی ئەو خزمەتگوزاریانە لە گوندەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، بوونی لە سەنتەرەكانی شارنشینی دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی گوندەكان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانە روو بكەنە شارەكان، ئەم بارودۆخە لە ناوچە جیاجیاكانی قەزای كۆیە بە شێوەیەكی روون بەرچاوو دەكەوێت بۆ نمونە تەنها(٢٠٪) گوندەكانی قەزاكە پرۆژەی ئاوی خوارنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە، ئەمە جگە لەوەی ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ خۆی هەندێ ناوچەی وەكو ناوچەكانی ناحیەی شۆرش و ناحیەی سێگردكان ناوچەی ووشك و بێ ئاون، زۆربەی ئەو ئاوەشی كە هەیە رێژەی خوێی تێدا بەرزە بە تایبەتی لە گوندەكانی ناحیەی سەنتەر، هەروەها (٩٠٪)

[٢٠] . هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵی كۆیە، بەشی پلاندانان و بەدواداچون، ٢٠١٤، داتای بلأونەكراوە.

[٢١] . چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێزان (جاسم عزت نادر) بەرپرسی بەشی پلاندانان و (دڵدار تاهیر محمد) لە بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵی قەزای كۆیە، رێكەوتی (٢٠١٥/٦/٢).

گوندەکانی دەڤەرەکە پێویستیان بە بنکەی تەندروستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانە، ئەمە سەرباری ئەوەی(٥٠٪) گوندەکان پێویستیان بە قوتابخانەی بنەڕەتی مۆدرێن و باخچەی ساوایان هەیە[٢٢].

ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە لە نێو سەنتەرەکانی شارنشینی ئاستی ئەو خزمەتگوزاریانە بە شێوەیەکی بەرچاوو بەر دەستە، بۆیە دانیشتوانی گوندەکان کۆچ بۆ شارەکان دەکەن.

## ئەنجامەکان

لەمیانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ - لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا ڕێژەی گوندنشینانی قەزای کۆیە بە ڕێژەیەکی بەرچاوو کەمی کردووە.

٢- گوندنشینەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ڕێژەیەکی بەرز کۆچیان کردووە و گوندەکانیان چۆڵ کردووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەموو ناحیەکان وەکو یەك نەبوونە بەڵکو ڕێژەی کۆچکردن لە ناحیەی سکتان بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کەچی لە ناحیەی تەقتەق کەمترین ڕێژەی کۆچی گوندنشینان تێدا رووی داوە.

٣- ناهاوسەنگیەکی بەرچاوو لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تێبینی دەکرێت بەجۆرێك زۆرترین دانیشتوان لە سەنتەری شارەکان نیشتەجێبونە کەچی کەمترین ڕێژەی دانیشتوان لە گوندەکان ماونەتەوە.

٤- هۆکاری رامیاری و تێکدانی گوندەکان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)، کاریگەرترین هۆکارە کە بۆتە هۆی کۆچی گوندنشینەکان و نەگەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

٥- خراپ ڕەووشی ئابوری و خزمەتگوزاری و نەگونجاوی بارودۆخی ئاوهەوا و ووشکە ساڵی لە کاریگەرترین هۆکارەکانی سەردەمی ئێستایە، کە بونەتە هۆی ئەوەی بە بەردەوام گوندنشینەکان کۆچ بکەن و گوندەکانیان بەجێبهێڵن.

[٢٢]. United Nations Humanitarian Information Centre(HIC), Rapid District summaries, Erbil, ٢٠٠٤.p٢٩-٣٠.

## راسپاردەكان

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەدا بە باشی دەزانین ئەم چەند راسپاردەیەی خوارەوە بەمەبەستی كەمكردنەوەی ڕێژەی كۆچی گوندنشینان لە قەزای كۆیە بەرچاوو بخەین:

١- بایەخدان بە كەرتی كشتوكاڵی لە لایەن حكومەت و وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، ئەوەش لە ڕێگای دروستكردنی چەند بەنداوێك لە سنوری ناوچەی لێكۆڵینەوە بەمەبەستی دەستەبەركردنی ئاوی پێویست لە وەرزی كشتوكاڵكردن بەتایبەتی كشتوكاڵی هاوینە، یارمەتی دانی جوتیاران لە رووی دەستەبەركردنی سەرمایە و تۆی باش و پەینی كیمیاوی...هتد.

٢- دامەزراندنی چەند پیشەسازیەكی خۆراكی بەتایبەتی پیشەسازی دروستكردنی ئاوی تەماتە، ئەمەش سودەكەی دوولایەنەیە بەشێوەك دەبێتە هۆی بەگرخستنی چەند سەد كرێكارێك و لە لایەكی تریشەوە بەرهەمەكانیان نرخی باش دەكات و داهاتیان باش دەبێت.

٣- بایەخدان بە چاككردن و قیرتاوكردنی ڕێگای گوندەكان بەتایبەتی ڕێگای نێوان گوندەكانی ناحیەی شۆڕش و گوندەكانی  ناحیەی سێگردكان و دەشتی كۆیە.

٤- دەستەبەركردنی خزمەتگوزاریەكانی وەكو پڕۆژەی ئاو و كارەبا و قوتابخانە بۆ ئەو گوندانەی هێشتا نەتواندراوە ئەو خزمەتگوزاریانەی تێدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی گوندەكانی ناحیەی شۆڕش و سێگردكان، كە تا رادەیەكی زۆر گوندەكانی ئەو ناحیانە بێ بەشن لە پڕۆژەكانی خزمەتگوزاری.


### سەرچاوە كوردیەكان:

**یەكەم: كتێب**

١- ئەمین قادر مینە، ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسیان، تەرحیل و تەعریب و تەبعیس، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢- ئازاد جەلال شەریف، سەرچاوە و دەرامەتی ئاو، جیوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق، كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ، كتێبی سەنتەری برایەتی-٣، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،١٩٩٨.

٣- بنار عبدالخالق بكر، دەرامەتە سروشتیەكانی قەزای كۆیە- گرفت و چارەسەركردن، سەنتەری لێكۆڵینەوە و پەخشی كۆیە، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١٠.

٤- رۆستەم سەلام عزیز، دابەشبونی جوگرافیای نیشنگە گوندییەكان لە قەزای كۆیە و كاریگەری لەسەر كرداری پەرەپێدان،سەنتەری لێكۆڵینەوە و پەخشی كۆیە، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١٠.

٥- هیوا صادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی كۆیە(١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای رۆشنبیری و بلاْوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ٢٠٠٦.

**دووەم : نامەی ماستەر**

١- كامەران تاهیر سەعید، قەزای كۆیە-لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٦.

٢- محمد زاهیر سادق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل لە قەزای کۆیە-لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای گواستنەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

**سێیەم: چاپکراوەحکومیەکان**

١- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، بەشی کەشناسی، تۆمارەکانی رادەی باران بارین لە ویستگەی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٦-٢٠١٠)، داتای بڵاونەکراوە.

٢- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کۆیە، بەشی پلاندانان و بەدواداچون، ٢٠١٤، داتای بڵاونەکراوە.

**چوارەم: چاوپێکەوتن:**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (محمد حاجی) بەرپرسی بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای کۆیە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢).

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان (جاسم عزت نادر) بەرپرسی بەشی پلاندانان و (دڵدار تاهیر محمد) لە بەشی سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای کۆیە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢).

**سەرچاوە عەربیەکان:**

**یەکەم: کتێب:**

١- عبد علي و عبدمخمور الريحاني، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، ١٩٨٦.

٢- خليل اسماعيل محمد، إقليم كوردستان العراق-دراسات في تكوين القومي للسكان، ط٣، أربيل، ١٩٩٩.

٣- خليل اسماعيل محمد، دهوك- نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافية للسكان، منشورات مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.

٤- طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان، ط٢، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٠.

٥- عبدالفتاح إمام حزين، جغرافية السكان-دراسة في الاسس و التطبيقات،مكتبة الانجلومصرية، القاهرة، ٢٠٠٤.

٦- نوري خليل برازي وابراهيم عبدالجبار المشهداني، الجغرافية الزراعية،ط٢، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، الموصل، ٢٠٠٠.

**دووەم: چاپکراوە حکومیەکان:**

١- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لواء أربيل، ١٩٦١.

٢- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة أربيل، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد، ١٩٧٨.

٣- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، مديرية تخطيط محافظة أربيل، المجموعة الاحصائية لريف محافظة اربيل، حسب تعداد عام ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء، بغداد.

٤- الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة أربيل، مطبعة الجهاز المركزي للإحصاء،بغداد، ١٩٨٨.

٥- اقيم كوردستان العراق، مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية الارتكازية لاقليم كوردستان العراق/ محافظة اربيل، قضاء كوية، عدد سكان كؤية لعام ٢٠٠٤.

٦- اقليم كوردستان العراق، وزارة الداخلية، محافظة اربيل، قضاء كوية، شعبة ذاتية، عدد سكان قضاء كوية لعام ٢٠٠٤، بيانات غير منشورة.

٧- اقليم كوردستان العراق، وزارة التخطيط، نتائج بداية لعملية الحصر و الترقيم في محافظة اربيل لعام ٢٠١٠.

- سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

١- United Nations Humanitarian Information Centre(HIC), Rapid District summaries, Erbil, ٢٠٠٤.

- نەخشەکان:

١ - هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەو نیشتەجێکردن، بەڕێوبەرایەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتنەجێکردن،١:٢٥٠٠٠٠

٢- هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵو ئاودێری، بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی نەخشەی گوندەکانی پارێزگای هەولێر،١٩٩٠، ١:٢٠٠٠٠٠

٣- ڕێکخراوی ناوەندی زانیاریە مرۆیەکانی هاوبەش (JHIC)، نەخشەی کارگێری دەڤەری لێکۆڵینەوە (١:٥٠٠٠٠٠).

٤- الهيئة العامة للمساحة خارطة جمهورية العراق الادارية، ١٩٨٣، بمقياس (١:١٠٠٠٠٠)

## الملخص

ان موضوع الهجرة كحركة ديناميكية نال اهتمام الكثير من الباحثين والمهتمين بمجال الدراسات السكانية ويرجع ذلك الى الاثار والانعكاسات الكبيرة التي تتركها الهجرة على السكان على مستوى المناطق التي تهاجرها السكان او تلك المناطق التي تصلها السكان.

ان الهدف الاساسي للدراسة تتمثل في تفسير دور الهجرة الريفية في انخفاض نسبة سكان الريف في منطقة الدراسة لغرض اتخاذ الاجراءات اللازمة من قبل الجهات المختصة بغيى تقليل نسبة الهجرة من سكان هذه المناطق.

من اجل الوصول الى اهداف الدراسة تم تقسيم البحث الى اربعة محاور رئيسة، الاول يهتم بدراسة هجرة السكان من الريف الى المراكز الحضرية ،والثاني يوضح تاثير الهجرة على النمو الديموغرافي لسكان الارياف،اما الثالث فقد تناول احجام المستوطنات الريفية، واخيرا تطرق المحور الرابع الى العوامل المؤثرة في الهجرة.

وهذه الدراسة توصلت الى مجموعة استنتاجات اهمها:

١- هناك هجرة نسبية كبيرة لسكان الريف الى المراكز الحضرية في منطقة الدراسة،الامر الذي ادى الى انخفاض سكان هذه المناطق الريفية، الا ان هناك تباين واضح في نسبة الهجرة على مستوى القضاء ،بحيث سجلت نسبة الهجرة اعلى ارتفاع لها في ناحية سكتان وعلى العكس من ذلك فان النسبة منخفظة في ناحية طق طق.

٢- كان للعوامل السياسية وتدمير القرى من قبل الحكومة العراقية السابقة وطيلة الفترة(١٩٨٧-١٩٨٨) الاثر الكبير على هجرة سكان الريف وعدم عودتها مرة اخرى الى مناطقها الاصلية.

ولغرض تقليل نسبة الهجرة الريفية في منطقة الدراسة أوصت الدراسة ب:

١- الاهتمام بالقطاع الزراعي من قبل الجهات المختصة،ولاسيما من قبل وزارة الزراعة والموارد المائية وذلك من خلال انشاء بعض السدود والخزانات المائية في منطقة الدراسة لغرض خزن المياه في فصل التساقط واستثمارها في الزراعة الاروائية في فصل الصيف، تقديم المساعدات المالية للفلاحين ولاسيما فيم يخص رؤؤس الاموال وتوفير البذور والاسميدة الجيدة.

٢- توفير الخدمات العامة والتي تشمل مشاريع المياة والكهرباء والخدمات التعليمية للقرى التي لم تصلها هذه الخدمات وبالاخص قرى ناحية شورش وسيكردكان والتي تنقصها مثل هذه الخدمات.

## ABSTRACT

The issue of immigration as a dynamic movement pay the attention of many researchers in the field of population studies due to the large effects and reflections impact of immigration on the population a concerning the district which are left by people or those which are resident by people.

The main objective of the study is to study the role of rural migration in the decrease proportion of the rural population in the mentioned area for the purpose of taking the necessary steps by the authorities to reduce the ratio migration of the population of these areas .

In order to reach the goals of the study by research is divided into four main sections , the first deals with the migration of people from rural to urban centers , and the second shows the demographic growth of the population of the rural areas , while the third dealt with reluctance rural settlements , and finally the section deals with factors which influence migrationThrough this study, you can reach the following:

1. There are relatively large migration of rural populations to urban centers in the study area , which led to a decline in the population of these rural areas , but there is a clear disparity in migration at the level of the district , so that the proportion of Immigration reached the highest point Sktan district Conversely therefore, the ratio is low in terms of Taq Taq .

2. the political factors and the destruction of villages by the former Iraqi government throughout the period ( 1987-1988 )had the great impact on the migration of the rural population and not to return back to their original places.

Finally the researcher come up with some recommendations for the purpose of reducing rural migration rate in the study area , including:

1. pay more attention to the agricultural sector by the competent authorities , particularly by the Ministry of Agriculture and Water Resources , through the establishment of some dams and reservoirs in the study area for the purpose of water storage in the separation of precipitation and invest in irrigation farming in the summer, to provide financial assistance to farmers , especially with reserve capital and provide seeds and good fertilizer.

2. The provision of public services , which include water projects , electricity and educational services to villages lack these services , especially the villages of Shoresh and Sekrkan and those which lack such services .